# دیدار لە گەڵ لەیلا زانا



بە دوای بانگهێشتی «ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی» سنە لە لایەن ژنانی بەڕێوەبەری «فستیواڵی باتمان» لە باکووری کوردستان (تورکیا) بۆ بەشداری لەو فستیواڵە و دیدار لەگەڵ ژنانی چالاکی ئەو پارچە، سێ ئەندامی ئەم ڕێکخراوە چوون بۆ باتمان. بە داخەوە لە سەر سنوور ڕێگا لە خاتوو «نگینی شێخولیسلامی» گیرا و پاسپۆرتەکەی لێسەندرا.

لەم سەفەرەدا ئەندامانی ڕێکخراوە توانیان جگە لە بەشداری چالاکانە لە فیستواڵەکەدا لەگەڵ ژنانی تێکۆشەری باکوور وەك «ڕێکخراوەی دایکانی ئاشتی» لە دیاربەکر، «ڕێکخراوەی ژنانی پارێزەری مافی مرۆڤ» لە باتمان «ڕێکخراوەی ژنان» لە دیاربەکر و بەشی ژنانی «دیهاپ» لە باتمان و نوێنەرانی ژنی شورای شاری باتمان و ژنانی فمنیستی تورك کە بریتی لە چەند دوکتۆر و پروفیسۆری مامۆستای زانکۆ بوون و هەروەها خانمێکی تورکی پارێزەری مافی مرۆڤ و خاتوو خەدیجە پارێزەری کورد دیداریان بێت.



«خاتوو شەمزین جیهانی» و «دکتۆر رویا تلووعی» دیدار لەگەڵ «لەیلا زانا» پەرلەمانتاریستی گەورەی کورد بە گەورەترین دەسکەوتی ئەم سەفەرە دەزانن. شایانی باسە چەند خانمی ئەمریکی و ئەورووپی زیاتر لە هەفتەیەك بوو کە لە شاری ئیستانبول

ماتڵی ئیجازەی دیداری «خاتوو لەیلا زانا» بوون. بەڵام ئەو ژنە کوردە شۆڕشگێڕە هەر ئاگاداری میوانانی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە زووترین کات دەعوەتی کردن بۆ ماڵی خۆی لە ئانکارا و دیدارێکی دۆستانەی پێك هێنا. لەم دیدارەدا خاتوو لەیلا زانا گەرمترین ڕێز و سڵاوی خۆی ئاراستەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و و داوای لە ژنانی کورد یەکگرتوویی بوو و ئەوەی کە ڕێگا لە سەرکەوتنی ژنانی چالاك نەگرن و یارمەتیان بدەن. هەروەها پێی وابوو ئیمڕۆ ڕۆژی شەڕ نیە و ڕۆژی دیالۆگە و دەبێ هەوڵ بدەین خۆمان و کێشەکانمان بە جیهان بناسێنین و ماتڵ نەبین جیهان ئێمە بناسێت. لەیلا دەیوت کورد دەبێ دەست لە شەڕی ئایدیولۆژیك هەڵگرێ و هەوڵ بدات بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی و بەدی هاتنی مافەکانی.



ژنانی بەشدار لە لایەن ڕێکخراوەکەیانەوە ڕایانگەیاند کە هەوڵ و ئامانجی ئەوانیش هەر بە هەمان شێوەیە و دەیانەوێ دەرفەتێك بڕەخسێنن کە ژنانی کورد و فارس و تورك و عەرەب بە دیالۆگ و وتووێژ یەکترین بناسن و ڕێز لە مافەکانی یەکترین بگرن. «ئورهان دوغان» هاوڕێی لەیلا زانا کە ١٠ ساڵ لە زینداندا بوو هەر ئاگاداری هاتنی میوانانی ژنی ڕۆژهەڵاتی بوو هات بۆ ماڵی خاتوو لەیلا بۆ دیداریان و بە گەرمی پێشوازی لێ کردن.